# تاوانی دژمرۆڤایەتی و جەنگ و جینۆساید لە هەڵەبجەدا

ئامادەکردنی / ئیراد منوچر سان ئەحمەد

سەرپەرشتیاری پەروەردیی – پسپۆری بایلۆجی



لە 16 ئازاری ساڵی 1988 حوکمەتی عێراق دەستی کرد بە ئەنجامدانی هێرشێکی ئامانج بۆ دارێژراو بۆ سەر شاری هەڵەبجە، کە دادەنرێت بە خراپترین هێرشی کیمیایی لەمێژوو ی نوێ جیهان و ناوچەی هەڵەبجە لە هەریمی کوردستاندا.

لە هێرشەکە دا هاولاتی سیڤیل( مەدەنی ) بە ئامانج گیران، دەرئە نجامەکەی بووە هۆی کوشتنی هەزارەها هاولاتیان و برینداربوونی توندی هاولاتیان بۆ هەتا هەتایی.

لە هێرشی کیمیایی بۆسەر هەڵەبجە هێرشێکی توندبوو کە دوچاری دانیشتوانی سیڤیل بووەلەو ناوچەیەدا . کەتێیدا سوپای عێراق تێکەڵەیك لە گازی خەردەل و گازی دەماری تابوون و سارین و گازی ڤی ئیکس بەکار هێنا.

دەرئە نجامەکەی گرفتی تەندروستی تۆقێنەری بەجێهێشت لەسەر هەرموو ئەو تاکانەی کە بەرە ئەو هێرشە کەوتن وە بۆ داهاتوو منداڵاکەنیان .

بە پێی هەڵسەنگاندنێك کە کراوە مرندی یەکەسەر و فەوری لە وهێرشەدا 5000 کەس بوون. وە بە پێی تویژینەوەیەکی هیومان رایتس ووچ کە هەڵسەنگاندنی کردووە کە لە نێوان 4000 بۆ 7000 کوردی عێراقی لە هێرشەدا لە دەرئە نجام گیانیان لە دەستداوە.

وە ئەوانەی کە لەمردن ڕزگاریان بوو کاریگەرە تەندروستیەکان لەسەریان بەردەوامە. کەم تواناى لە منداڵاندا بە تاییەتی ئەو منداڵانەی کە دایك وباوکیان لەو کارەساتە ڕزگاریان بووە ، و ڕێژەی نەزۆکی هاوشێوەی ئەو ڕێژەیە کە بوونی هەیە لە نێوان ئەو تاکانەی کە لە هیرۆشیمادا ژیاون دوای هێرشی بۆمبی ناوکی ( ئەتۆمی ).

بە پێی توێژینەوەیك دانیشتوانی ئێستای هەڵەبجە بچوکترە بەرێژەی ٪10 لە دانیشتوانی ئەو کاتەی کە هەییووە پێش کارەساتی 1988 ، ئەوەش لە ئە نجامی زیادبوونی حاڵەتەکانی نەزۆکی و لەبارچوون.

هێرشکردنە سەر هەڵەبجە بەشێکە لە هەڵمەتەکانی ئەنفال، کە دوای ئەوەی سەدام حسین روخسەت و مۆڵەتی دایە ( عەلی حەسەن مەجید ) ناسراو بە ( عەلی کیمیایی ) کە پێشەوایەتی ئەو هەڵمەتە بکات، کەتێیدا 200,000( دووسەد هەزار)کورد شەهید کرد.

بە پێی شارەزیان سەدام حسن لە نیەتیدا بووە، هەموو مۆراڵی کورد تێك پشکێنرێ بە جۆرێك کە ئیدی نەتوانن ، هەوڵبدەن بۆ دەستکەوتنی سەربەخۆی.

دوابەدوای ڕوخانی ڕژیمی بەعس و دەستگیرکردنی سەدام حسین لەساڵی 2003 ، دەسەلاتی هاوپەیمانی کاتی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بۆ دانانی یاسا ی تایبەت بە تاوانەکانی جەنگ لە دادگای عێراق ، بۆ دادگایکردنی بەرپرسانی پارتی بەعس بە پێی یاسای نێودەوڵەتی ،ئەم سیستەمە دواتر گۆڕا بۆ ناوی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقی ، لەیەکەم دادگای باڵای عێراق دۆسیەی دوجیل بوو کە تێیدا سەدام حسین ، شەشەکەسی دیکە تاوانبارکران بە ئە نجامدانی تاوانەکانی جەنگ لەسەر بنەمای ئەشکە نجەدان ، و بەزۆر ڕاگواستن و زیندانی کردن و کوشتنی ئەنقەست و وە ئە نجامدانی چەند کردەیەکی دیکەی نامرۆڤانە ولە 30 ی دیسەمبەر سەدام حسین لەسێدارە درا.

دەتوانرێت ئەو تاوانانەی کە ئە نجامدرا لە ماوەی هێرشی هەڵە بجە دابنرێت بە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی ، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی جینۆساید

یەکەم : لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیدا لە برگەکانیدا باسی چەوساندنەوەی دژی هەر پارتێکی تایبەتی یان گروپێك لەسەر بنەمای سیاسی ، ڕەگەزی ، نەتەوایەتی، نەژادی ، کلتوری ، ئاینی ،و جێندەری وە یان هەر هۆکارێکی دیکە کە ڕێگە پێنەدراوە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی ، ". و " هەرکردەیەکی نامرۆڤانە هاوشێوەی ئەو وەسفانە کە بە ئەنقەست دەبێتە هۆی برینداربوونی توند یان گرفت لە ش یان لە ئەقڵ دا ".

توند یان گرفت لە ش یان لە ئەقڵ دا ".

ئەو کردارانەی کە ئە نجام دەدرێت بەشێکبن لە هێرشی بەرفراون و پرۆگرام بۆ داڕێژراو دژی کۆمەڵێك دانیشتوانی سیڤیل،" هێرشی ڕاستەو خۆ دژی هەر کۆمەڵێك لە دانیشتوانێکی سیڤیل" پێناسە ی بۆ کراو وەك " کۆمەڵێك کردەی ئاڕاستە کراوە ...دژی هەر دانیشتوانێکی سیڤیل بەکاری سیاسەتی دەوڵەت یان ڕێکخراوێك بۆ ئە نجامدانی ئەو جۆرە هێرشە .

ئەو دۆخەی هێرشی هەڵە بجە کە ئەوە دەخوازێت وزیاتر ڕێی تێدەچێت کە ئەمە " هێرشێکی بەرفراواتە دژی دانیشتوانی مەدەنی".

جێبەجێکردنی هێرشەکە لەلایەن سوپای عێراق ، کە تێیدا چەکی کیمیای هەڵگر لە هەودا بەکار هێنا کەدەتوانێت بگاتە ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیەکان لە یەك کاتدا.

ماددەی کیمیایی بەرەڵاکرا بەسەر شارەکەدا

دەتوانرێت ئەوە بسەلمێنێت ، کەهێرشی سەر هەڵە بجە بەشێکە" لە هێرشی بە فراون و پرۆگرام بۆ داڕێژراو:" دژی کۆمەڵێك لە دانیشتوانی سیڤیل ، چونکە دادگا لە دادگایکردنی عەلی کیمیایی ئیدانەی کرد ،

**بەئە نجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە بەشداریکردنی لە هەڵمەتی ئەنفالدا،وە هێرشی سەر هەڵە بجەش بەشێکە لە هەڵمەتی ئەنفال.**

**وە بەڵگەش هەیە کە دوای هێرشەکە بۆ سەر هەڵە بجە ، سوپای عێراقی دەگەڕێتەوە ئەو شارە بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئەو چەکە کەبەکاریان هێناوە.**

**ئەشکە نجەدان و چەندکردەیەکی دڕندەی نامرۆڤانە یان سزدان ، لیژنەی دژی ئەشکە نجەدان وەسفی ئەشکە نجە دەکات کە :**

**هەرکردەیك ببێتەهۆی ئازاری توندو گرفت ، کە ئایا جەستەی یان ئەقلی بێت بە بەئەنقەست بەسەر کەسێکدا پسە پێنرێت ، بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری وەیان دانپێدانان لێی وە یان لە لەین کەسی سیەم .**

**وسزادانی لەسەر ئەو کارەی ئەو یان کەسی سیەم کردویەتی وەیان گومانی لێدەکرێت کە ئەو کارەی کردبێت، وەترساندن و زۆرلێکردن لیی یان کەسی سیەم ، وەیان بەهەر هۆیەك بێت دادەنرێت لەسەر بنەمای جیاکاری هەر جۆرێك بێت ،لە کاتێکدا ئەم ئازارە وگرفتە تووشی دەبێت ، یان هان دەدرێت ،وە یان ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕێت ، یان بێدەنگ دەبێت لێی بەرپرسی فەرمی وەیان کەسێکی دیکە ڕەفتاری پێدەکات بە سیفەتی بوونی بەرپرسێتی فەرمی"**

**لە کەیسی هێرشی سەر هەڵە بجە ، و بەرەلاکردنی چەکی کیمیایی ئەوە کردەیەکە کە بوەتەهۆی ئازارو گرفت ، ئیتر جەستەی بێت یان ئەقلی، لەسەرووی هەمووەیەوە دەتوانرێت وەسف ی ئەو کردەیە بکرێت کە ئە نجامدراوە ئامانج لێیی جیاکاریە .**

**ڕاستیەکەی هێرشەکە ئاما نجی بووە بۆ لێدانی گەورەترین دانیشتوانی کورد لە هەڵە بجە ، ئەم پێناسەی بۆ ئەم هێرشە، وەلە بەرئەوەی هێرشەکە لەلایەن سوپای عێراقەوە ئە نجامدراوە و فەرمانیان لە حکومەت وەرگرتوە،"هاندراوە وە یا ڕەزامەندی کراوە و بەشێوەیکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن بەرپرسێکی فەرمی".**

**هەروەها ئەشکە نجەدان ( چەوساندنەوە ) پێناسەس دیکەی بۆ دەکرێت کە بێبەریکردنی بەئەنقەست لەسەر سەجەم مافە سەرکیەکان کە پێچەوانەی یاسا نێو دەوڵەتیکانە ، لەبەر ناسنانەی کۆمەڵێك یان تیرەیەك.**

**لەبەر ئەوە سەخت نیە کە سەلماندن بۆ هێرشی هەڵە بجە کە وەك چەوساندنەوە بە پێی ئەوەی لە سیستەمەکەدا پێناسەی بۆ کراوە، دادگا گەشتە ئەوە دەرئە نجامەی لە دادیگایکردنی( عەلی کیمیایی ) ، بە پێی بەڵگەکان هەڵمەتێك بوو دژی کوردە ڕەسەنەکان ئە نجامدراوە .**

دووەم: دووەم: و تاوانەکانی جەنگ ، کەتێیدا " ئەشکە نجەدان" وەیان مامەڵەکردنی نا مرۆڤانە ، کەئەوەیش ئەزموونە بایلۆژیەکان ، و بە ئەنقەست بوونە هۆی گرفتی گەورە یان بریندابوونی ترسناکی جەستە یان تەندروستی.

" تاوانەکانی جەنگ" سەرپێچی مەترسیدارە لە ڕێکەوتنامەی جنێڤی لە س 12 ی ئابی 1949 ن هەریەکە لەم کردانەی خوارەوە دژی کەسەکان( تاکەکان ) وەیان ئەو مومەتەلاکانەی دەیانپارێزێت ، بە پێی بەندی ڕێکەوتنامەی جنێف ی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە.

B" -ئەشکە نجەدان و مامەڵەکردنی نامرۆڤانە کەتێیدا ، تاقیکرنەوە و ئەزمونی بایلۆژی".

C"- بە ئەنقەس بونەهۆی بریندابوونی مەترسی دار لە تەندروسی جەستەدا." سەرپێچکردنی ئەم بەندانە دادەنرێ بە پێشێلکاری لە هەردوو ڕێکەوتنامەی جنێف ی ساڵی 1949 و سیتەمی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق.

لە زەمینەی قەیرانی جەنگی چەکداری لە خەسڵەتە نێودەوڵەتیکان نیە ، بەندی سێەم لە ڕێکەوتنامەی چوارەمی جنێف قەدەغەکردنی مامەڵەنامرۆڤانە کردوە لەسەر ئەوانەی بە شداری دەکەن لە پرۆسەی جەنگدا، ئەم جۆرە کردارانە بە هەمان شێوە لە سیستەمی دادگای باڵای عێراقدا قەدەغەکراوە بە پێی بەندی سیانزە ، یەکەم ، برگەی B دیایکراوە ئەشکە نجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە ، کەتێیدا تاقیکرنەوە و ئەزمونی بایلۆژی دەگرێتەوە" وەك تاوانەکانی جەنگ ، ئەم بەندە شیاوی بەکارهێنانە لەبەرئەوەی هەردوو ئە نجامدەرانی تاوانەکان و قوربانیەکانی هێرشی هەڵە بجە هاوڵاتی عێراقی بوون ، قەیرانەکە لەناو عێراقدا ڕوویداوە.

هەروەها بە پێی بەندی سیانزە ، یەکەم برگەی- B – بەڵگەی ئەوە هەیە کە هێرشی سەر هەڵە بجە تیست و ئەزمونێکی بایلۆژیە ، لەبەر ئەوەی بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی سەربازەکانی سوپای عێراق گەڕاونتەوە بۆ هەڵە بجە دوای ئەوەی مەترسیەکان بەرو کەمبوونەوە ڕۆشتوە ، بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری چەکەکانیان . هەروەها سەر پێچیەکان ڕوونکراوەتەوە لەبەندی سیانزە، یەکەم برگەی- B- کە ئە نجامدراوە لەماوەی هێرشەکە بۆ سەر هەڵە بجە.

بەندی دوای ئەوە ، بەندی سیانزە ، برگەی C"- بە ئەنقەس بونەهۆی بریندابوونی مەترسی دار لە تەندروسی جەستەدا" وەك تاوانی جەنگە لە ماوەی هێرشی سەر هەڵە بجە.

چەکە کیمیایەکان بە عەمدی و ئەنقەست ڕۆکرا بەسەر هەڵە بجەدا، وە ئەم چەکە کیمیایانە بویە هۆی زیانگەیاندنی تۆقێنەر .

دکتور گویسیدن لە ڕا پۆرتێکی شایەتیدانی بەرامبەر بە کۆنگریس لە ئەمەریکا ، کە ئەو بەڵگانە و ڕێبەریانە کە دروست کراوبوون بۆ بەکارهێنان لەلایەن پزیشکەکان لە نمایشی سوپای عێراقی خستەڕوو ، کە سوپاکە زانیاری بنچینەیان هەبووە لە سەر کاریگەری ئەومادده کیمیایانە کەلە هێرشەکەدا بەکار هاتوە.

**سەرەڕای ئەوە ،دکتور گویسدین تێبینیٚ کردبوو ، ئەو ڕپیەرانە ئەو دەخاتە ڕوو کە پزیشکەکانی سوپاکە ئاگاداریان هەبووە لەسەر دژە ژەهری سۆمان، کە ماددەیەکی کیمیاییە کە هەندێجار بەکار دەهێنرێت لە جەنگەکاندا، ئەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامداوە هەستان بە بەکارهێنانی تابون ، و سارین و ڤیئیکس چونکە تائێستا ئەم ماددە کیمیانە دژە ژهری ناسراویان نیە.**

**لێرەدا دەگەینە ئەوەی ڕەزامەندبین لەسەر پێناسەی ئەو تاوانە، کە پێویستە" زیانگەیاندنی مەترسیدار بە جەستەو تەندروستی"، لێرەشدا ئەوە ڕوونە کە زیانگەیاندنی مەترسی دار بە جەستەو تەندروستی کەوتوە،**

**سێیەم: تاوانەکانی جینۆساید(کۆمەڵکوژی) ، کە تێیدا ئەو تاوانانە ببێتەهۆی بریندابوونی ترسناکی لەش یان ئەقڵی ئەندامانی گروپێك ، و سەپاندنی هۆکارەکان بە نیازی ڕێگرتن لە منداڵبوون لە گروپێکدا.**

**تاوانەکانی وەچە خستنەوە وەك تاوانەکانی جینۆساید**

**دەتوانرێت تاوانی هەڵەبجە دابنرێت وەك جینۆ ساید ، وەك ئەوەی پێناسە بۆ کراوە پێناسەی جینۆ سایدی کردوە کە بەم شێوەیە :**

**هەر کردەیەك بەنیەتی سڕینەوە و لە ناو بردنی تەواو ی یان بە شێکی کۆمەڵێکی نەتەوەیەك ، یان وابە ستە بە ئەدەب و ئەخلاق ، یان نە ژادی و مەزهەبی وەك:**

**A-کوشتنی ئەندامانی گروپەکە**

**B—بوونە هۆی زیانگەیاندنی مەترسیداری جەستەی ئەقڵی بە ئەندامانی گروپەکە.**

**C- بە عەمدی بونە هۆی وێرانکردنی دۆخی ژیانی گروپێك کە بیانەوێت تێیدا بژین بە تەواوەتی یان بە شێکی.**

**D—سە پاندنی نیەتی ڕێگری لە منداڵبوون بە سەر گروپێکدا.**

**E- گواستنەوەی بەزۆری کۆمەڵێك منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە.**

**دەتوانێت ئەوە بسەلمێنرێت کە هێرشەکە "ئەنجامدراوە بەنیەتی سڕینەوە و لە ناو بردنی تەواو ی یان بە شێکی کۆمەڵێك لە نەتەوە ، یان کۆمەڵێك وابە ستە بە ئەدەب و ئەخلاق ، یان کۆمەڵێکی نە ژادی و مەزهەبی " جارێکی تر لە بەرئەوەی هێرشەکە چڕکراوەتەوە لەسەر شارێك زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردبوون ، وە لەبەر ئەوەی ئەوە سەلمێنراوە کە شالاوی ئەنفال تاوانی جینۆسایدە**

هروها حکومەتی عیراق سەرپێچیی لە ڕێکەوتنامە نێودەوڵتیەکان کردوە کە واژووی لەسەر کردووە، بەتایبەتی وەك سەرپێچیەکانی هەردوو ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی لە سەر سیڤیل و مافە سیاسیەکانICCPR ، و ڕێکەوتنامەی ڕووبەڕووبونەوە و نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاری دژی ژنانCEDAW ، هەردوو ڕێکەوتنامەکە لە لایەن عێراقەوە پەسەند کراوە و بانگەشەی بۆ کردوە کە شایانی جێبەجێکردنە .

چەندین لە مافەکان ( هەمەجوری لە مافەکان )لەلایەن ICCPR زامن کراون( گەرەنتیان دراوەتی )، ICCPR گەرەنتی کۆمەڵێك مافی زەوتلێکراوی داوە کە قوربانیەکانی هەڵەبجە کە بێبەری کران لێی لەماوەی هێرشی سەر هەلەبجە.

وە سەر پێچی ڕێکەوتنامەی ڕووبەڕووبونەوە و نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاری دژی ژنانCEDAW چونکە زۆرێنی قوربانیکان لە نێو شەهید بریندارەکان ژنانن.

هەروەها سەرپێچی یاسا ی نێودەوڵەت ی عورفیکردوە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایلۆژی تێدا قەدەغە کراوە.

<u>تاوانەکانی هەڵەبجە وەك سەرپێچیەکانی یاسای نێودەوڵەتی عورفی"</u>

تاوانەکانی کە ئە نجامدرا لە هێرشی هەڵەبجە دەتوانرێت دادگای بکرێت وەك سەرپێچی یاسای نێودەوڵەتی عورفی.

یاسای نێودەوڵەتی عورفی ، پابەند بوونی سەرجەم دەوڵەتانە، لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی بایلۆجی و کیمیایی. ئەم قەدەغەرکردنە بەرفراوان دەکرێت ل قەدەغەکردنی پەرە پێدان و بەرهەمهێنان و هەڵگرتنی قەدەغەیە. لەسەرووی ئەوە نەك لەبەرئەوەی ئەم چەکانە کوژەرن ، لە حاڵەتەکانی قەیرانی چەکداری هەتا پەرە پێدان و بەرهەمهێنان و هەڵگرتن وبەکارهێنانی چەکە بایلوجی و کیمیایەکان قەدەغەکراوە ئەگەر کوژەریش نەبن. لێرەدا تاوانەکان کە ئە نجامدرا لە هێرشی هەڵەبجە تێیدا پەرە پێدان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کوژەر دەگرێتەوە کە سەرپێچی یاسای نێودەوڵەتی عورفیە

هەروەها لەو ڕێکەوتنامەیەدا هاتووە نابێت هیچ کەس ڕووبەڕوی ئەشکە نجەدان یان چەوساندنەوەی بیٚ بەزیانە یان سزادانی نامرۆڤانە بێتەوە، بەتایبەتی نابێت کەس ڕووبەڕوی هیچ ئەزمونێکی پزیشکی یان زانستی بێتەوە بە بیٚ ڕەزامەندی ئەو کەسە.

تاوانەکانی کە ئە نجامدرا لە ماوەی هێرشی سەر هەڵەبجە ، دتوانرێت وسف بکرێت بە ئەشکە نجەدان، لەسەرووی ئەوەشەوە دەتونرێت وە دابنرێت کە هێرشی سەر هەڵەبجە بۆ ئەزمونی زانستیە ، لە دیسەمبەری 2002 لە ڕا پۆرتی

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە پوختەکەیدا هاتوە" سەربازە عێراقیەکان ، دوای لەبەرکردنی جلوبەرگ و پۆشەری پارێزراو ، گەڕاونەتوە بۆ تویژینەوە لەسەر کاریگەری هێرشەکەیان لەرێی دابەشکردنی بۆ چەند تۆڕێك، وەدواتر دیاریکردنی شوێن وژمارەی کوژراوەکان .. هەڵە بجە ، کەئەمەش ئەو دەردەخات کە وەك زەمینەی ئەزمون و تاقیکردنەوە مامەڵەیان لە گەڵدا کردبێت.

لەبەرئەوەی تاوانەکانی ئەنجامدراوە لە ماوەی هێرشی سەر هەڵە بجە وە ئەشکە نجەدان پێك دەهێنێت و، وە زۆر ڕێی تێدەچێت کە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زانستی بێت،

دواتر دۆسیەی ئەنفالکردنی گەلی کورد ، کەتێیدا ئە نجامدانی تا وانەکان جینۆساید ( کۆمەڵکوژی )پیادەکراوە. کە لەلایەن عەلی کیمیایی سەرپەرشتی کراوە، و دادگای بالآی عێراق حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سە پاند لە سەر ئە نجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی ( جینۆساید ) ، و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی ، و چەند کردەیەکی دیکەی سەرپێچیکەر لە یاسایەکان وە حکومی لەسێداردانی بەسەردا سە پێنرا لە مانگی کانونی دووەمی 2007.

سەرڕاری ئەوەی چەند دادگایکردنی دیکە لە دەروەی عیرٌاق ئە نجامدران لەسەر ئەوەی کە دەستیان هەبووە لە بە شداریکردن لە هێرشی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵە بجە، فرانس ڤان ئانرات هاولآتی هوڵەندی دەستی هەبووە لە دابینکردنی مادده کیمیاییە خاوەکان کە بنچیەنەی ئەو ماددەی کیمیاییانەی کە لە هێرشی هەڵە بجە لە لایەن سوپای عێراق بەکار هات.

لە ساڵی 2005 دادگای لاهای هوڵەندی حوکمی 17 ساڵ زیندانی بەسەردا سە پاند وەك تاوانباری جەنگ مامەڵەی لە گەڵدا کرا بە هۆی دەست تێکەڵبوونی لە تاوانەکانی جەنگ ، وە بەبێتاوان دەرچوو لە تاوانبارکردنی بەبەشداریکردنی لە تاوانی جینۆساید لەبەرئەوەی دادگا سەرکەوتوو نەبوو لە سەلماندنی ئەوەی کە ڤان ئانررات زانیاری لەسەر پلانی جینۆسایدی سەدام حسین هەبووە.

هەروەها چەند سکالآیەکی دیکە لە لایەن سکالآکارانی کورد لە ویلایەتی میرلاند لە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەمەریکا ، ئەوانەی کە لەهێرشی هەڵە بجە ڕزگاریان بوو بوو خرایە ڕوو ، هاوکات لە گەڵ کاریگەی ئەو چەکە لەسەر مندالآکانیان کەدوای هێرشەکە لەدایك بوون و چەند پشێویەکی زگماکی و کەموکورتی جینی تیایاندا دەرکەوتبوو، گلەی و سکالآیان دژ بە کۆماری عێراق و ئەو کۆمپانیانەی کە بنکەکانیان لە ئەمریکا یە هەبوو. وە سکالآکاران لە بڕوایەدابوون دابینکردنی مادده کیمیایەکان لە کۆمپانیاکانەوە بۆ عێراق ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی کە لە هێرشی سەر هەڵە بجە بەکارهات. سکالآکاران بەڵگەیان هێنایەوەکە: بە پێی تویژینەوەکان پەیوەندی هەیە لە نیوان ڕوبەڕوبنەوە وبەرکەوتن بە هۆکاری دەماری کیمیایی و بایلوژی و زیان گەیاندنی (جینی) بۆماوەیەکی دوردرێژ . کەئەمەش لەسەر ئەو کەسانەی کە سکالآکانیان تۆمارکردبوو بەدی کرا، کە لە وانەش لە دایك بوونی مندالی کەم توانا لە و کەسانەی کە بەر ئەم چەکە کیمیایەکان کەوتوون لە هێرشی سەر هەڵە بجەدا.

سەرەڕای ئەم داداگایانە ، چەند دادگایەکی دیکە لە عێراق بەڕێوە چوو بۆ ئەو بەرپرسانە بەشداریانکرد بوو لە هێرشەکەدا ، وە لە هەمانکاتدا هەماهەنگی سوپای عێراقیان کردووە لە هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵە بجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ، بەلاّم سیستەمی بەڕیوەبردنی ئەم دادگایە ڕوون و ئاشکرا نەبوو ، کە چوار بەر پرس بوون کە ئەوانیش: محمود سامەرائی ، مزاحم سابیر حسن، حمید رەزا شلح ، و ئەمیر محمد راشید تاوانەکانیان بەرامبەر کرایەوە ، بەهۆی بوونی بەشدارکردنیان لە تاوانەکانی هێرشی کیمیایی بۆسەر هەڵە بجە ، بەلاّم بڕیاری حوکمدانی ئەم بەرپرسانە تائێستا لەو دادگایە دەرنەچووە، کەواتە پێویستە پێداگری بکرێت بۆ ئەوەی دوای ناساندنی کەیسی هەڵە بجە بە ئە نجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان بەرامبەر هاولاّتیانی سیڤیل لە و شارەدا هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای هەموو ئەو بەرپرسانەی ڕژیمی پێشووی عێراق کە دەستیان هەبووە لە هێرشی سەر هەڵە بجەو دادگایکردنیان لە داگا نێودەوڵەتیکانی جیهان.